# مەسرور بارزانی پێشوازی کرد لە باییزی نوێی بلجیکا لە عێراق و ئوردن



ئەمڕۆ چوارشەممە،مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە سەرج دیکشن باییزی نوێی بلجیکا لە عێراق و ئوردن کرد. نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕاگەیەندراوێکدا ڕاگەیاند" لە دیدارێکدا سەرۆکی حکومەت پیرۆزبایی لە باییز کرد بۆ بۆنی دەستبەکاربوونی و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکەکەیدا بۆ خواست. هەر لە دیدارەکەدا دواین پێشهات و پەرەسەندنەکانی عێراق و ناوچەکە و گرنگیی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستوور و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی بلجیکا و هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران، بەتایبەتی لە بواری ئاوگۆی بازرگانی. تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆکان، تایبەت بوو بە پێویستیی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شنگال و ئاساییکردنەوەی دۆخی دڵۆڤەرێکە و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنەکانیان.